| Nr | Norsk | Oversatt |
| --- | --- | --- |
| 1 | Selv om Norge er et lite land, er det et spennende og mangfoldig land med variert natur.<br><br>Det er fem landsdeler i Norge. Lengst nord ligger Nord-Norge. Midt i landet ligger Trøndelag. I vest ligger Vestlandet og i øst ligger Østlandet. Landsdelen som ligger lengst mot sør, kalles Sørlandet.<br><br>Hver landsdel er delt inn i fylker. Det er 11 fylker i Norge. | سەرەڕای ئەوەی نەرویج وڵاتیکی بچوکە، وڵاتێکی سەرەنج ڕاکێش و سروشت جۆراوجۆرو جیاوازیشە .<br>نەرویج لە پێنج هەرێم پێکهاتووە. " باکووری نەرویج" دەکەوێتە هەرە سەرەوەی وڵات. ترۆندهایم دەکەوێتە ناوەڕاستەوە. لە ڕۆژئاوا " ڕۆژئاوای وڵات" ولە ڕۆژهەڵات " ڕۆژهەڵاتی وڵات " هەن. " باشووری وڵات «یش دەکەوێتە بەشی هەرە خوارووی نەرویج.<br><br>هەر یەکێک لە هەرێمەکانی وڵاتیش چەند پارێزگایەک دەگرێتە خۆی. نەرویج لە یانزە پارێزگا پێکدێت |
| 2 | **Nord-Norge**<br>Nord-Norge ligger lengst mot nord, og faktisk også lengst mot øst i Norge.<br><br>Landsdelen består av fylkene Troms og Finnmark og Nordland.<br><br>**Troms og Finnmark**<br>Troms og Finnmark ligger aller lengst mot nord og øst, og har grense til Russland, Finland og Sverige. Tromsø er den største byen i Troms og Finnmark. Nordkapp er Norges nordligste punkt som ligger i Troms og Finnmark. Nordkapp er et kjent turistmål i Norge.<br><br>Hvis du kommer til Nord-Norge i desember eller januar, kan du oppleve | **باکووری نەرویج**<br><br>باکووری نەرویج" دەکەوێتە ئەوپەری باکووری نەرویج ولە ڕاستیدا دەشکەوێتە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی نەرویجەوە.<br>ئەم هەرێمە لە هەردوو پارێزگای فینمارک, ترۆمس ونورلاند پێکدێت.<br><br>**ترۆمس وفینمارک**<br><br>هەرێمی ترۆمس وفینمارک دەکەوێتە بەشی هەرە باکوور و ڕۆژهەڵاتەوە، وە هاوسنوورە لەگەڵ ڕووسیا، فینلاند وسوید. ترۆمسۆ گەورەترین شاری هەرێمی ترۆمس وفینمارکە. نورکاپ کە دوا خاڵی ئەوپەڕی باکوورە، دەکەوێتە ترۆمس و فینمارکەوە. نورکاپ شوێنێکی بەناوبانگی توریستییە لە نەرویج. گەر لە مانگی دێسەمبەر یان جەنیوەردا بێیتە باکووری– نەرویج، "ماوەی تاریکی" دەبینیت.<br><br>ماوەی تاریکی ئەو کاتەیە کە خۆر بە درێژایی شەو ورۆژ لە باری ئاسۆیدایە. لە زستاندا دەشێت لە |

| | | |
|---|---|---|
| | mørketid. Mørketid har vi når sola er under horisonten hele døgnet.<br><br>I Nord-Norge kan man se nordlys om vinteren<br><br>**Nordland**<br><br>Nordland er et langt og smalt fylke som har grense til Sverige. Bodø er den største byen i Nordland.<br><br>Lofoten ligger i Nordland og består av mange øyer. Fra januar til april foregår lofotfisket i Lofoten<br><br>Fisk som er tørket kalles tørrfisk. Det meste av tørrfisken blir eksportert til andre land, for eksempel Italia og Nigeria. | باکووری نەرویج دیاردەی ڕووناکیی باکوور) ئاورورا( ببیندرێت.<br><br>**نورلاند**<br><br>نورلاند پارێزگایەکی درێژ وتەنگە، کە هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی سویددا. بودۆ گەورەترین شارە لە نورلاند.<br><br>لوفوتن دەکەوێتە نورلاندەوە ولە گەلێک دوورگە پێکهاتووە. لە مانگی جەنیوەرەوە هەتا ئاپریل ڕاوی ماسی سکرەییەکان لەلوفوتن دەکرێت<br>ئەو ماسییەی وشکدەکرێنەوە پێیان دەگوترێت ماسی وشککراوە. زۆربەی ماسیی وشک بۆ وڵاتانی دیکەی وەک ئیتالیا ونایجیریا هەناردە دەکرێن |
| 3 | **Trøndelag**<br><br>Trøndelag ligger midt i landet og er både en landsdel og et fylke. Landsdelen kalles også Midt-Norge.<br><br>Den største byen i Trøndelag er Trondheim. Trondheim er den tredje største byen i Norge. Nidarosdomen er hovedkirken i Trøndelag. | **ترۆندەلاگ**<br><br>ترۆندەلاگ دەکەوێتە ناوەڕاستی وڵات، کە لە هەمان کاتدا هەرێمێکە وپارێزگایەکیشە. هەروەها هەرێمەکە بە ناوەڕاستی نەرویجیش ناوزەد دەکرێت.<br>ترۆندهایم گەورەترین شارە لە ترۆندەلاگ.<br>ترۆندهایم سێهەمین گەورەشاری نەرویجە.<br><br>)کڵێسای نیداروس( کڵێسای هەرە گەورە و سەرەکییە لە ترۆندەلاگ |
| 4 | **Østlandet**<br><br>Østlandet er den landsdelen med flest fylker. Fylkene på Østlandet er Oslo,<br><br>Vestfold og Telemark, Viken og Innlandet. | **ڕۆژهەڵات**<br><br>ڕۆژهەڵاتی وڵات ئەو هەرێمەیە کە خاوەن زۆرترین ژمارەی پارێزگایە. پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات بریتین لەمانە: پارێزگای ئۆسلۆ، پارێزگای ڤێستفۆڵد وتێلەمارک، پارێزگای ڤیکەن و ئینلاند.<br><br>ڕۆژهەڵاتی وڵات خاوەن زۆرترین ژمارەی |

| | | |
|---|---|---|
| | Østlandet er den mest folkerike landsdelen i Norge med over 2,5 millioner innbyggere. Det betyr at nesten halvparten av Norges befolkning bor på Østlandet.<br><br>Glomma er Norges lengste elv. Glomma er 619 kilometer lang og renner fra Trøndelag i nord til sør på Østlandet og har sitt utløp i Fredrikstad.<br><br>De høyeste fjellene i Norge ligger på Østlandet. Galdhøpiggen er Norges høyeste fjell. Fjellet er 2469 meter høyt. Det betyr at toppen av Galdhøpiggen er 2469 meter over havet.<br><br>**Oslo**<br><br>Oslo er Norges hovudstad og Norges største by. Oslo er et eget fylke og ligger innerst i Oslofjorden. Slottet, Stortinget og regjeringen er i Oslo. | له ئێستادا دەگاتە زیاتر لە دوو ملیۆن ونیو. ئەمەش مانای وایە کە نزیکەی نیوەی دانیشتووانی نەرویج لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا دەژین.<br><br>گلۆما درێژترین ڕووباری نەرویجە. درێژیی ڕووباری گلۆما ٦١٩ کیلۆمەترە ولە باکوورەوە لە ترۆندەلاگەوە بەرەو باشوور و هەرێمی ڕۆژهەڵاتی وڵات دێت و لە فرێدریکستاد کۆتایی دێت.<br>شاخە هەرە بەرزەکانی نەرویج دەکەونە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەوە. گالدهۆپیگەن) Galdhøpiggen ( بەرزترین شاخی نەرویجە و بەرزییەکەی دەگاتە ٢٤٦٩ مەتر. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە لووتکەی شاخی گالدهۆپیگەن ٢٤٦٩ مەترە لەسەر ئاستی دەریاوە.<br>**ئۆسلۆ**<br><br>ئۆسلۆ پایتەخت وگەورەترین شاری نەرویجە. ئۆسلۆ پارێزگایەکی سەربەخۆیە ودەکەوێتە قووڵاییی فیوردی ئۆسلۆوە. کۆشکی پاشا، پەرلمان و حکومەت لە شاری ئۆسلۆن. |
| 5 | **Vestfold og Telemark**<br><br>Vestfold og Telemark fylke strekker seg fra kysten og opp i høyfjellet.<br><br>Det høyeste fjellet i Vestfold og Telemark er Gaustatoppen. Gaustatoppen Ligger i Rjukan og er 1883 meter over havet. | **ڤێستفۆلد وتێلەمارک**<br><br>پارێزگای ڤێستفۆلد وتێلەمارک لە کەنارەکانەوە درێژ دەبێتەوە هەتا دەگاتە لووتکەی شاخە بەرزەکان. گەوستادتۆپەن، بەرزترین شاخە لە ڤێستفۆڵد وتێلەمارک. گەوستادتۆپەن دەکەوێتە "ڕیووکان"ەوە و١٨٨٣ مەتر لەسەر ئاستی دەریاوە بەرزە.<br>تونسبێرگ کە کۆنترین شاری نەرویجە دەکەوێتە پارێزگای ڤێستفۆڵد وتێلەمارکەوە. شارەکە لە دەوروبەری ساڵی ٨٧٠ بونیادنراوە. |

| | | |
|---|---|---|
| | Tønsberg ligger i Vestfold og Telemark og er Norges eldste by. Byen ble grunnlagt omtrent i år 870.<br><br>Slottsfjellet ligger i Tønsberg og er Nord-Europas største ruinby | )سلۆتفیاله( که کۆنترین شاری وێرانکراوه له باکووری ئەوروپا، دەکەوێتە شاری تونسبێرگەوە. |
| 6 | **Viken**<br><br>Viken fylke er det mest folkerike fylket i Norge. Fylket har grense til Sverige. De største byene er Drammen, Lillestrøm og Fredrikstad. | **ڤیکەن**<br><br>پارێزگای ڤیکەن خاوەن پڕ دانیشتووانترین پارێزگایە لە وڵاتی نەرویج. ئەم پارێزگایە هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی سوید. گەورەترین شارەکانی ئەم پارێزگایە بریتین لە دڕامەن، لیلەسترۆم وفرێدریکستاد. |
| 7 | **Innlandet**<br><br>Innlandet er det eneste fylket som ikke har kystlinje. Fylket grenser til Sverige. Norges største innsjø er Mjøsa. Mjøsa ligger i Innlandet fylke. Mjøsa er kjent for Skipladner. Skibladner er Norges eldste skip som er i drift. Skibladner seiler mellom Eidsvoll, Hamar, Lillehammer og Gjøvik. | **ئینلاند**<br><br>ئینلاد تاکە پارێزگایە کە هێڵی کەنار دەریای نییە. ئەم پارێزگایەش هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی سوید. مەزنترین دەریاچە لە نەرویج میۆسا(Mjøsa) یە. میۆسا دەکەوێتە پارێزگای ئینلادەوە. میۆسا بە (شیبلاندەر Skibladner) ناسراوە، کە کۆنترین کەشتی هەڵمیی نەرویجە کە تا ئەم ساتە وەختەش لە کارکردندایە. ئەم کەشتییە لە نێوان شارەکانی ئەیدسڤۆل، هامار، لیلەهامار ویۆڤیک دێت و دەچێت. |
| 8 | **Sørlandet**<br><br>Det er bare ett fylke på Sørlandet, nemlig Agder. Den største byen på Sørlandet er Kristiansand. Norges største dyrepark ligger i Kristiansand, den heter Kristiansand dyrepark, men folk kaller den ofte bare Dyreparken. | **سۆرلانە (باشووری وڵات)**<br><br>لە باشووری وڵات تەنها یەک پارێزگا هەیە، ئەویش پاریزگای ئاگدەرە. کریستیانساند گەورەترین شاری پارێزگای سۆرلاندەیە. مەزنترین باخچەی ئاژەاڵن لە سۆرالندە دەکەوێتە کریستیانساندەوە، کە ناوی باخچەی ئاژەڵانی کریستیانساندە، بەڵام خەڵک هەر بە باخچەی ئاژەلان ناوی دەبەن. |
| 9 | **Vestlandet** | **ڤێستلاندە) ڕۆژئاوای وڵات** (Vestlandet)<br><br>پارێزگاکانی هەرێمی ڤێستلاندە ناویان میۆرە و |

| | | |
|---|---|---|
| | Fylkene på Vestlandet heter Møre og Romsdal, Vestland og Rogaland. Vestlandet er verdenskjent for de lange fjordene og høye fjellene. Norges lengste fjord, Sognefjorden ligger på Vestlandet. Den er 204 kilometer lang.<br><br>Nesten alle byene på Vestlandet ligger langs kysten. De største byene i landsdelen er Bergen, Stavanger, Ålesund og Haugesund. | ڕۆمسداڵ، ڤێستلاند و ڕۆگەلاندە. ڤێستلاندە لە جیهاندا بە فیورد( ڕووباری نێوان شاخە درێژ وشاخە بەرزەکانی) بەناوبانگە. درێژترین فیوردی نەرویج کە فیوردی سۆگنەیە ودرێژییەکەی ٢٠٤ مەترە دەکەوێتە هەرێمی ڤێستلاندەوە. زۆرینەی شارەکانی ڤێستلاندە دەکەونە سەر کەنارەکانی دەریاوە. مەزنترین شارەکانی هەرێمی ڤێستلاندە بریتین لە بێرگن، ستاڤانگەر ، ئۆلەسووند وهاوگەسووند. |
| 10 | **Rogaland**<br><br>Den største byen i Rogaland er Stavanger. Da det ble funnet olje i Nordsjøen på slutten av 1960-tallet, ble det bestemt at hovedkontoret for oljeindustrien skulle ligge i Stavanger. På hovedkontoret var det fire ansatte i begynnelsen. En av dem kommer fra Irak og heter Farouk Al-Kasim.<br><br>På NRK.no kan du se en TV serie som heter Lykkeland. Denne Tv -serien handler om da Oljeeventyret startet i Norge og i Stavanger.<br><br>En vidde er et åpent og ganske flatt fjellområde. Det vokser ikke mye trær på vidda, mest busker.<br><br>Hardangervidda er Norges største vidde. Den ligger i fylkene; Viken, Vestlund og Vestfold og Telemark<br><br>Norges høyeste fossefall ligger i Møre og Romsdal, den heter Vinnufossen. | **پارێزگای ڕۆگەلاند**<br><br>ستاڤانگەر گەورەترین شارە لە پارێزگای ڕۆگەلاند. لە کۆتایی ساڵانی ١٩٦٠ نەوت لە دەریای باکووردا دۆزرایەوە. هەر ئەو کات بڕیاردرا، کە ئۆفیسی سەرەکیی پیشەسازی نەوت لە شاری ستاڤانگەر دابمەزرێندرێت. لە سەرەتادا تەنها چوار فەرمانبەر دامەزران، کە یەکێک لەوانە فاروق ئەل قاسم بوو کە خەڵکی عێراقە.<br>لەلاپەرەی NRK.no دەتوانیت بینەری حەڵقەیەکی تەلەفزیۆنی بەناوی وڵاتی بەختەوەری، ڕوداوەکانی ئەم حەلقەیە باسی سەرهەڵدانی نەوت لە نەرویج وستاڤەنگەر دەکات.<br>"ڤیدە" ناوچەیەکی تەختاییە کە دەکەوێتە ناوچە شاخاوییەکانەوە. لە ناوچەی ڤیدەییدا دار ناڕوێت، بەڵکوو تەنها دەوەن دەڕوێت.<br><br>هاردانگەرڤیدا گەورەترین ڤیدەی نەرویجە کە دەکەوێتە پارێزگاکانی ڤێستلاند، ڤیکەن و ڤێستفۆلد و تێلەمارک.<br>بەرزترین تاڤگەی ئاویی نەوریج دەکەوێتە میۆرە وڕومسداڵەوە، کە ناوی تاڤگەی ڤینوو فۆسەنە |

| | | |
|---|---|---|
| | Den mest kjente fossen er Vøringsfossen, den ligger i Vestland fylke. Det er ikke så mye vann i de høyeste fossene i Norge. | بەناوبانگترین تاڤگەش ڤیۆرینگ فۆسەنە، کە دەکەوێتە پارێزگای ڤێستلاندەوە. تاڤگە هەرە بەرزەکانی نەرویج ئاوێکی زۆریان نییە. |
| 11 | Denne filmen er utviklet og oversatt av Nasjonalt senter for flerkulturell opplæring, for å finne flere videoer følg oss på YouTube på NAFO filmkanal. | ئەم فیلمە گەشەی پێدراوە ووەرگێردراوە لەلایەن سەنتەری نیشتمانیی بۆ فێربوونی فرەزمان، بۆ دۆزینەوەی ڤیدیۆی زیاتر متابەعەمان بکەن لە یەتیوب لە کەناڵی فیلمی نافۆ (NAFO) |